# سەرکۆمارنامە

3

**حەمەسەعید حەسەن**

جیاوازیی سەرەکیی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدار ئەوەیە، ئەمیان خەو بە لەدایکبوونی ئەوەیەکەوە دەبینێت کە بە هیچ هێزێک کەویی نەکرێت و ئەویان سەرقاڵی بەمێگەلکردنی خەڵکە.

لە ماوەی **یەک** هەفتەدا، سەری (بڵند)(١) **دوو** جار سەری بە بەغدا (ئەوی) کرد. ئەوە بە پلەی یەکەم، گوشاری سەری بڵند بوو، جەعفەری و وەزیرانی کابینەکەی ئەوی ناچار کرد، بۆ جاری دووەم سوێندی یاسایی بخۆنەوە. ئەوە شوێنپێی پتەوی سەری بڵند بوو کارێکی کرد، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کۆندۆلیزا ڕایس کە سەردانی عێراقی کرد، سەرەتا لە هەولێر بنیشێتەوە. (ڕایس) لە سەلاحەدین (برنج)ی کوردیی دەخوارد و هێشتا هەواڵی گەییشتنی وی بە (کوردستانی عێراق،)(٢) نەگەییشتبووە سەرەکوەزیران و سەرکۆماری عێراق.

کە سەلاحەدین دەبێتە یەکەم وێستگەی سەردانەکەی کۆندۆلیزا ڕایس بۆ عێراق، ئێمە پێمان خۆش بێت یان خەمی پێ بخۆین: (١) سیگناڵێکی زەقە بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، بارزانی بەهێزترین پیاوی عێراقە. (٢) گرتنی لایەنی پرۆژەکەی پارتییە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم. (٣) گوشارێکە بۆ سەر ینک تا چیتر سەرپێچی لە ڕێساکانی ئەو گەمەیە کە داگیرکاری ڕەزاشیرین نەخشەی بۆ کێشاوە، نەکات.

دەزانن چی جەعفەریی هان دابوو، هەردوو زاراوەی دیموکراتی و فیدراڵی لە سوێندە یاساییەکە دەربهێنێت؟ چونکە ئەویش وەک هەر عەرەبێکی دیکەی ڕەگەزپەرست، سووک سەرنجی کورد دەدات و بە کەمئاوەزی دەزانێت. لەو ناوەڕاست و باشووری عێراقە، ئێستاش ئەگەر گومان لە هۆشیاریی عەرەبێک بکرێت، دەستبەجێ دەڵێت: (بۆچی من کوردم!)(٣) مەبەستی ئەوەیە بڵێت: بۆچی من بێ عەقڵم؟ ئەگەر میسرییەکیش وا هەست بکات فریوی دەدەیت، دەڵێت: (بە کوردم دەزانیت؟)(٤) زۆربەی عەرەب بەو شێوەیە لە کورد دەڕوانن، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو کوردە، هاوڵاتییەکی ئاساییە، پەرلەمانتێرە، وەزیرە، یان سەرکۆمارێکی سەفەری؟

قەززافی ناو بە ناو بە نواندنی هەڵوێستی سەیر و بە گوتنی قسەی ئەنتیکە، هەم خەڵکی لیبیا و هەم هەر چی عەرەبە شەرمەزار دەکات. سەرکۆماری عێراق، چونکە لە بواری دەرپەڕاندنی قسەی (ئەستەق) و نواندنی هەڵوێستی سەیر و سەمەرەدا، هێندە وەستایە، سەرکۆماری لیبیا بە شاگرد ڕاناگرێت، ئەگەر کورد نەبووایە، زوو زوو زەبری کوشندەی لە شکۆمەندیی عەرەب دەوەشاند! چونکە سیستەمی فەرمانڕەوایی لە عێراقی ئێستادا،

پەرلەمانتارییە نەک سەرۆکایەتی، بۆیە سەرکۆماری عێراق ئەگەر هیچ کام لەو دوو جێگرەشی نەبووایە، هەر دەستی نەدەڕۆییشت، ئەمە جگە لەوەی چونکە عێراق وڵاتێکی داگیرکراوە، ئەو تۆزە دەسەڵاتە ڕەمزییەشی کە دەبوو هەیبێت، ئەویشی لە کیس چووە، بۆیە هەر چەند دەکەم لەوە تێناگەم، هەوادارانی ینک ئەو هەموو هەڵپەرکێیەیان لەبەر چی بوو؟

دادگایەکی ئوردون ساڵی ۱۹۹۲ بە تاوانی دزینی ۲۸۸ میلیۆن دۆلاری بانکی پەترا، ئەحمەد چەلەبی بە ۲۲ ساڵ زیندانی حوکم دەدات، بە پێی ئاخاوتنی هۆشیار زێباری بۆ ڕۆژنامەی الشرق الاوسط، خاڵێکی گرنگی قسەوباسی نێوان تاڵەبانی و شای ئوردون، کێشەی چەلەبی بوو. ئایا ئەوە هەڵوێستێکی سەیر نییە، سەرکۆماری یاساناس، هەم داکۆکی لە دزێکی سنووڕنەناسی وەک چەلەبی بکات و هەم لە کێشەی سێدارەدانی تاوانکارێکی کۆکوژی وەک سەددامدا، بێلایەن بێت! ئەگەر یاساناسان دژی ئەوە بن، بڕیاری دادگا و حوکمی یاسا بەسەر میلیۆندزان و میلیۆنکوژاندا جێبەجێ بکرێت، ناهەقمانە گۆرانی بە باڵای یاساشکێنان و یاسای دارستاندا هەڵبڵێین!

من بۆیە پێم خۆش بوو ئەمریکا عێراقی داگیر کرد، دەمگوت بەڵکوو لەگەڵ خۆیدا سیڤیلسالاری(٥) بهێنێت، ئاخر هیچ گومانم لەوە نییە، لە هەناوی کولتووری ئیسلامەوە، قەت ئازادی و دیموکراتی پەیدا نابن. ئەگەر لە عێراقی نوێدا، پیاوی شیاو لە جێی شیاوی خۆیدا دانرابا، چەلەبی تەنیا جێگری سەرەکوەزیران نەدەبوو، وەزیری دارایی و وەزیری نەوتیش دەبوو! بڕێخت لە شانۆنامەی (ژنە چاکەکەی سچوان)دا دەڵێت: (ئەوە گوشاری دەوروبەری تژی لە خراپە و خراپەکارە، لێ ناگەڕێت ئینسان بە چاکی بمێنێتەوە؟) ئەگەر دەوروبەری چەلەبی کەسانی چاک بوونایە، بە چەقەڵیان نەدەگوت: بچۆ ئەو مریشکە بهێنە!

2005. 05. 17

(۱) جاران (سەری ڕەش)یان پێ دەگوت.

(۲) بە هۆشیارییەوە نووسیومە: کوردستانی عێراق، ئاخر وەک دەزانن، ئێستا کوردستانی باشوور بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، نەک وەک جاران بە تۆبزی، بەشێکە لە عێراق و کوردی باشووریش ئەوپەڕی شانازیی بە عێراقیبوونی خۆیەوە دەکات!

(۳) قابل انا کردی؟

(٤) پتستکردنی؟ ئەگەر تەرجومەی حەرفیم کردبا، دەمنووسی: بە کوردم دەکەیت؟

civil society(٥)